# له قوڵایی دەریادا گوێ لە موسیقا بگرە

لـە پیشـانگای سـاڵانەی CES۲۰۱۷دا، کۆمپانیای سامسـۆنگ بە چەندین بەرهەم بەشـداری کرد، یەکێك لەوانە سـپیکەرێك بوو کە تایبەت بوو بۆ وەرزی هاوین و مەلە کردن...

قـەوارەی سـپیکەرەکە سـێ جـۆر بـوون، تواناکانـی جگـە لـەوەی کە بەهـۆی تەڕبوونەوە کێشـەی بۆ نایەتـە پێـش، لـە سـتاندەری جـۆری IPX۷ سـوود وەردەگرێ، سـتاندەرێك تایبەتە بۆ خۆراگری لە بەرامبەر زەختی ئاو...

کاتێك بەتەواوی شـەحن دەبێتەوە، دەتوانرێ هەتا ۳۰ کاتژمێـر بـەردەوام کاری پێبکـرێ، تایبەتمەندییەکـی گرنگـی سـپیکەرەکە ئەوەیـە کـە لـە کاتـی پێویسـتدا دەکرێت وەك پاوەربانکێك سـوودی لێوەربگیرێ و تەبلێت یان مۆبایلی پێ شەحن بکرێتەوە.




## شاشەیەک بە واقیعی دیمەنەکان بەرجەست دەکات

زۆر لەمێژە ئەو بیرۆکەیە هەیە کە ڕێگایەك هەبێت بتوانرێ ئەوەی لەسـەر شاشـە دەبیندرێ بەرجەستە بن و بتوانرێ بە واقیعی دەستیان لێبدرێ، بۆ نموونە ئەگەر وێنەی تۆپێك لەسەر شاشە بێـت، بەکارهێنەر بە دەست لێدان هەست بەوە بکات کە تۆپێك لە بن دەستی دایە، یان ئەگەر تەنەکـە لووس یان تیژ بێت، بەکارهێنەر هەست بەوە بکات کە بە واقیعی وایە..

شاشـەی جۆری Tanvas کە لەلایەن پسـپۆرانی بەشـی زانسـتی زانکـۆی «نورسـت وێسـت» بەرهـەم هاتووە تەواو دیمەنەکان بەرجەسـتەن، ئەم بەرجەسـتەییە کاتێك گرنگـی خۆی هەیە کـە بکرێـت شـتە بەرجەسـتەکان بگوازیـەوە لـە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ نموونە وێنەی پارچەکانی ئۆتۆمبیلێك لەسەر شاشەکە هەیە، بە هەڵگرتنی پارچەکان بۆ شـوێنی خۆیـان بتوانی ئۆتۆمبیلەکە دروسـت بکەیەوە. شاشـەیەکی وا بـۆ فێـرکاری لـە بـواری پیشەسـازی و زانستی و پزیشکی سوودێکی زۆری دەبێت.





# سەردەمی پرێنتەرە بچووكەكان دەستی پێكردووە


ماوەیەكی لەمێژنییە پرێنتەری بچووك كە زیاتر بۆ كاری شەخسی و تاكەكەسی دەبێت بەرهەم دەهێنرێن. قەوارەیان بچووكە و هەندێكیان دەكرێت لە گیرفان بخرێن.. سامسۆنگ بەم دواییانە پرێنتەرێكی پۆرتێبڵی بەرهەم هێناوە زیاتر تایبەتە بە وێنەكانی سەر مۆبایل یان تەبلێت و لە دوو ڕێگاوە بە پرێنتەرێكەوە پەیوەند دەدرێن، یان لە ڕێگای سیستەمی NFC واتە لێك نزیككردنەوە، یان لە ڕێگای سیستەمی وای-فای..

پرێنتەری جۆری Image stamp پرێنت كردنی وێنەكان هەر بەمجۆرەی كە بەكارهێنەر لەسەر شاشە دەیبینێ بەم جۆرە پرێنت دەبن. توانایەكی گرنگ لەم پرێنتەرەدا ئەوەیە كە كۆدی QR دەدات بە وێنە چاپ كراوەكان، تاكو بەمجۆرە بەكارهێنەر زانیاری سەبارەت بە شوێن و كاتی گرتنی وێنەكەی تێدا بگونجێنێ..

# شاحینەیەكی وایەرلەیس بۆ هەموو ئامێرێك

لە پیشانگای ساڵانەی cesدا زۆر ئامێری شەحنكردنەوە خرانە روو یەكێك لەوانە شاحینەی جۆری Ventev بوو، كە بەبێ وایەرو بە خێراییەكی زۆر گشت ئامێرە هۆشمەندەكان شەحن دەكاتەوە.

شارژێرە وایەرلەیسەكە سێ بەرامبەر خێراتر لە شارژێرە ئاساییەكان دەتوانێت ئامێرەكان شەحن بكاتەوە. گرنگ نییە ئامێرەكەت چ ئامێرێكە یان لە چ سیستەمێك سوود وەردەگرێ، چونكە شەحنكەرەوەكە بۆ گشت ئامێرێك دەگونجێ.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك پرسیار دەكات، لە ماڵەوە لە سیستەمی ئینتەرنێتی idsl سوود وەردەگرین، بەڵام دەبینم خێرایی دادەبەزێ، چونكە كەسانی دی لەلاوە كە پەیوەندیان بە ئێمەوە نییە سودی لێوەردەگرن، پاسۆردیش دەگۆڕین دەیدۆزنەوە، ئایا رێگا چارەی دیكە هەیە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، لە مۆدێمەكەتدا بچۆ سەر بەشی interface Setup دواتر بەشی Wireless ئەوكات پەنجەرەیەك دەكرێتەوە بچۆ سەر Wireless MAC Address Filter و ئەو بەشە Active بكە، ئیدی لیستی گشت ئەو ئامێرانە دەنووسرێن كە لەو مۆدێمە سود وەردەگرن.. كامەت حەز لێیە قبوڵی بكە.. ئەوكات هەركەسێك لەو لیستەدا نەبێ تەنانەت پاسۆردیش بزانێ ناتوانی ئینتەرنێت بكاتەوە...



## ئامێرێک بۆ رۆژی تەنگانە

كاتێك گەشت دەكەی بۆ ناوچەیەكی دوورە دەست یان شوێنێكی نەناسراو، ئاگاداری هەلومەرجی جوگرافی ئەو شوێنە نی، نازانی مەترسییەكان لە چ لایەكەوە دێنە پێش، بە تەنیا هەڵگرتنی چەكێكی گەرم یان سارد ناتوانێ وەڵامدەرەوە بێت، جار هەیە رەنگە كاتەكە ئەوەندە ئەستەم بێ نەتوانی دەست بۆ مۆبایلیش بەری.

ئامێرێكی وەك Occly لەكاتێكی وادا دەتوانێ فریادرەس بێت، چونكە بە داگرتنی تەنیا دوگمەیەك بە ئاسانی و بە خێراییەكی زۆر لە یەك كاتدا چەند كامێرایەك كە لە هەموولاوە وێنە دەگرن و بەرێی دەكەن ئەكتیف دەبێ، مایكێك دەنگەكان تۆمار دەكات، گلۆپێكی رووناكی دەبەخشێت، زەنگی مەترسیش بە دەنگی بەرز لێدەدرێ. هەم بە دەنگ و هەم بە رووناكییەكە دەتوانی ئەوانەی زۆر لێت دوور نین ئاگادار بكەیەوە. ئامێری ناوبراو دەنگ تۆمار دەكا و بۆ ناوەندییەكی ئاگاداركردنەوە بەرێ دەكات.

## چاودێرێکی ورد بـــ



**ژیانی ئەم سەردەمە وای لێهاتووە هەموو شتێك بۆتە دیجیتالی، ئەگەرچی تا رادەیەك گۆڕانكاری بەسەر هەست و سۆز و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكاندا هێناوە، بەڵام لە زۆر بواریشدا سوودی گرنگی هەیە...**

**سەردەمێك دایكان بە منداڵە ساواكانیان بەتەواوی دەبەسترانەوە، تەنانەت نەیاندەتوانی بۆ ساتێكیش لێیان دووربكەنەوە، بەڵام ئێستا بە سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆژیای نوێ تا رادەیەك ئەمە چارەسەر بووە،**

**كامێرا چاودێرەكانی تایبەت بە ساواكان، یان لانكە هۆشمەندەكان ئەركی دایكانیان ئاسانتر كردووە، ئامێری Arlo Baby پێكهاتووە لە كۆمەڵە كامێرایەك بەمەبەستی كۆنترۆڵ كردنی**



## سایتێک بۆ دروستکردنی وێنەی جوڵەدار

سایتێکی گرنگ پرۆگرامەکان ئینستۆل دەکات

وشەی «instal» هاو مانایەکی ئەوتۆی لە کوردیدا نییە، ئینستۆڵ دابەزانـدن نییـە، بەڵکو دانلود دابەزاندنە، «instal» بە مانای قۆناغەکانی دانانی پرۆگرام لەسەر کۆمپیوتەر دێت...

ئەوکاتـە کـە کۆمپیوتـەر فۆرمـات دەکەیـەوە، پێویسـتت بـە کۆمەڵـە پرۆگرامێکـە کـە لەسـەر کۆمپیوتـەر دایبەزینی، سـایتی https://ninite.com/ ئەو ئەرکـە ئەنجام دەدات، نزیکەی سەد پرۆگرامی پێویستی تێدایە لە هەموو بوارەکان، هەر ئەوەندە بەسە لەسەر ئەیکۆنی پرۆگرامەکە هێمای راست دابنێی، ئۆتۆماتیك پرۆگرامەکە ئینستاۆڵ دەبێت... دەتوانی دەیان پرۆگرام پێکەوە ئینستاۆڵ بکەی...



## هاپێکی سمارتی بێ وایەر ٦ ترابایت داتا هەڵدەگرێ

لە پیشـانگای سـاڵانەی CES٢٠١٧ دا کۆمپانیای لینۆڤۆ هاپێکی خستەڕوو کە دەتوانێت تا ٦ ترابایت بەبێ وایەر داتا لە خۆیدا رابگرێ..

هاپی سـمارتی جۆری (Lenovo smart storage) بۆ گشـت ئەندامانی بنەماڵەیەك یـان کارمەندانـی ئیدارەیـەك دەگونجـێ، بۆ نموونە هـەرکام کارمەندانی ئیـدارە دەتوانن بەشێك لە هاندەکەدا بۆخۆیان دابنێن و بەبێ ئەوەی کە بەشێوەی وایەر پەیوەندیان هەبێت بـە هـاردە هاپەکـەوە دەتوانن بەبێ وایەر داتاکانیـان بگوازنەوە و تەنانەت لەوێدا بۆ ئەوەی کارمەندانی دیکە دەستکاری نەکەن بشارنەوە یان پاسۆردی لەسەر دابنێن.

خاڵـی جێـگای سـەرنج لـەو هاپـەدا ئەوەیە دەتوانیـت نەك لە شـوێنی کار بەڵکو لە هەر شوێنێکی جیهانیش بی لە رێگای ئینتەرنێتەوە فایل و داتاکانت بخەیە ناو هاپە هاردەکەوە.



## ـــــەسەر کۆرپە

منداڵان و ئاگادار بوون لە بارودۆخیان.. کامێراکە ستایلەکەشی بە ویسـتی منداڵانە، لە سـەر سـتایلی «پشـیلە، سەگ و کەروێشك» بەرهەم هاتوون تاکو سەرنجی منداڵان زیاتـر رابکێشـن. کامێـراکان هەرکاتێك بزانـن جوڵەیەکی تایبەت یـان دەنگی گریانێك لە منداڵەکەوە بێت، بە پەیامێك سەرپەرشتیارانی منداڵەکە ئاگادار دەکاتەوە، سەرپەرشتیارانیش لـە رێـگای مۆبایلـەوە کەلەگەڵ کامێراکان لەپەیوەندی دان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ ئاگاداری دۆخـی منداڵەکەیـان دەبـن، یان ئەگەر نەیانتوانی دەتوانن دواتر سـەیری فیلمە تۆمارکراوەکە بکەنـەوە، ئامێرەکـە سـپیکەر (بڵندگۆ)یشـی هەیـە کە سەرپەرشـتیارانی منـداڵ دەتوانن لە رێگای دوورەوە منداڵەکەیان بلاوێننەوە و لایەلایەیان بۆ بکەن.